# سووتانێکی هێمن

با بێزار نابێ
لەماچ کردنی گەڵاکان
خۆر بێزار نابێ
لەسووتاندنی گوڵەکان
پەپوولەکان بێزار نابن
لەئارامی چڵەکان.

سەیرە
من نە (گەڵا) و نە (گوڵ) و نە (لقم)،(
بەڵام دەوەرم، کەلەتۆ

دوورم
وشك دەبم،

کەنیگای تۆم پێنەکەوێ
وەك لق دەشکێم
کەگەردەلوولی زیزبوونت

دەنێری
هەناسەکەم
بەرلەوەی تۆ بێی
من تەنیاییەکانم دەژمارد
خەمەکانم دەق دەکردن
فرمێسکەکانم دەکرد

بەمۆم
شەوەکانم دەرازاندەوە
برێ جاریش خۆزگەکانم
دەبەخشیە ئەو کاروانانەی
لە بیابانانی بێ ئومێدیا وون

دەبوون
کەڕووباری ڕووی تۆ بەلاما ڕەت بوو
وون بووم
بەجۆرێ خۆم و تۆم بۆ جیانەکرایەوە
هێندە تیژ بارانی میهرەبانی تۆ باری
من و ئاگری تەنیایی لەیەك ترازاند

تۆ تیزابت خستە سەر خەندەکانم و
ڕابردووت لە جانتایەکی کۆنا ناشتم
کەچی هەر زوو
ئەو ئاگرەت داگیرساند
کە پشکۆی خەمەکانی گەشاندمەوە
ئەو بایەت دەسگیر

کرد
کە خەریك بوو گەڵای بێ هیوایم بوەرێنی،
بەڵام سەیرە
کە دەتزانی باخی عەشقی تۆ
گوڵی بەیەك گەیشتن نادات
بۆ منت شەیدا کرد بەخۆت
کەدەتزانی دەسووتێم
ئەم ئاگری چاوەڕوانییە
چی بوو پێت ناساندم ؟
کەدەتزانی
ژیان بێتۆ سەخت ترە
لەدۆزینەوەی ئاو
لەجنسی ئاگر
بۆ خۆتت لێ فڕاندم بۆ
نازانم..
ئێستاکە لەکوێم
نەفرینێك دەبینم لەدایك بێت
نەئێوارەیەك
خەندەیەکی شەرمن بۆ دڵنەوایی خۆر دەکات
ڕۆژەکان نیگەرانن و
شەوەکان بە دیار کوژانەوەی کات ڕاماون
بیرم نایەت کەی خۆم بووم
جاران ئەمزانی
یەك کۆ بکەیتەوە لەگەڵ یەك
دەبێتە ژمارەیەکی تر
بەڵام چەندین جار
خۆم و تۆم کۆکردەوە
هەر بووین

بەتۆ

هیلاک بووم
لەگوێگرتنی نۆتی خەم

لەدەست گرتنی تەنیایی
لەپیاسەکردن لەگەڵ بێتۆیی
لەخۆمێکی دوور لەتۆ
سەیرە
هێشتا زەوی ڕەنگی رووخانی نەگرتووە
تا تۆ نیشتیمانی من جێبێڵی
هێشتا گەڵا خۆی نەسپاردووە بەوەرین
درەخت نەچۆتە سەر ریتمی بێوەفایی
باران نەباریوەتە سەر خەمی وشك
ئێستا زووە بۆ ڕۆیشتن
بەرلەوەی ئومێدەکان داڕمێن
خۆت مەخەرە ژێر بارانی فیراق
با تەڕ نەبیت بە تنۆکی نائومیدی
دەست هەڵگرە لە ئازاردانم
ئاخر ژیان کردن چییە؟
کەهەمیشە دووریت بمهەژێنێ
بێدەنگیت بمبات بەرەو
ئەو کوچانەی مردن لێی هاتوو چۆ دەکات
ژیان وەک منالً ترسی لێنیشتووە و
ناوێرێ بەوێدا بڕوات
دووریت بمخاتە ئاگرێکەوە،
کەخەون بەدۆزەخەوە ببینم
وەك گوڵێك لەچاوەڕوانی دڵۆپێك ئاو
ڕۆح بدەم
دەزانم
سەختە گەیشتن بەتۆ
تۆ لەوێی
لەناو ئەو گەردەلوولانەی
ئاسمان لێی ڕا دەکات
لەنێو ئەو گڕکانانەی دڵی زەوی
قاش قاش دەکات
لەبەر دەم ئەم تیشکانەی
هیچ گوڵێك ناوێرێ سەیریان کات
هیچ گەڵایەك غیرەتی نەگرتووە
پێشی پێ بگرێ
لەژێر ئەو بارانە ئەوەستی
هیچ درەختێ نەیتوانیوە
مشتێ ئاوی لێ هەڵمژێ

بەڵام من چاوەڕێم
خۆم ئەخەمە نێو ئەم ئاگرە و
گرەو لەسەر تۆئەکەم
گەر ئاگری عەشقی تۆ
بمسوتێنێ و
بمکات بەخۆڵەمێش
بای یادێکت ئەمکاتەوە بەشاپەری
گەر خۆری رقت وشکم کات
دڵۆپێك میهرەبانیت ئەمکاتەوە بە شکۆفە
کەدڵ بیرت دەکا
چاوەکانم وەك جۆگەلە
بەرەو دەریای یادی تۆ دێن
چاوەروانم
چاوەروان!
بۆ بترسم
کەدەنگی تۆ لەدڵی منا
مناڵی ئارامی دروست دەکات
کە بینینت
تابلۆیەکی هێند مەزنە
چوارچێوەی چاوم پڕ دەکات
دڵی من نەمامێکە
تینووە بۆت هەموو ساتێ
وەکو مناڵ لێت زیز ئەبێ
بەڵام هەرگیز
لەئاوی بینینت تێر نابێ

سوید

2014/6/22

سوزی بابانی